# دوو پارێزگار بۆ یەك شار؟!

کاوێز مەلا پەروێز

لەووتاری رابردوو بەری هەڵوەشانەوەی دام ودەزگاکانی رژێمی بەعس لە ئێراق وکەرکوك گوتمان لە دوای رزگارکردنی کەرکوك گلەو گازەندە زۆر دەکرێت ئیستاش دیسلمێنم کاروا بروات کەرکوك لە ژێر دەستی کوردان دەردەکرێت تەنیٚ هۆ سیاسەتی خوارو خێچی هەردوو زلحزبەکەیە بۆیە دەتوانم داکۆکی لەبۆچونەکانم بکەم مەیدانیەن لەنێو باژێری کەرکودام دەبینم بارو دۆخی ئەو شارە چەند لەجاران بۆ کوردی تێکۆشەر شۆین نەهامەتیە برایان رۆشتبیرانی دەرەوەی وولات وناوەوەی وولات وە دەنگ بێن کورد لەکەرکوك دووپارێزگای هەیە دوو ئیدارەودوو شێوە کار کردن هەیە ،تەنها لەسەر وەرگرتنەوەو خزمەتکردنی سەرۆك خێلەکان و پیاوانی رژێم کێبرکیٚ دەکریٚ ؟!

گووتمان گومان دەکەین لەسەر داهاتووی کەرکوك بەم جۆرە بەرنامەیەیی حزبەکان لەداهاتوویەکی نیزگ روون دەبێتەوە کەرکوك پێش لەدەست دەرچوونی کورد لە دەستی حزبەکان دەردەچێت، تا ئێستا مومکینە گۆرانکاری بەسەر شێوازی کاری حزبەکان بێت لەو مەلبەندە کە سالانێکە دووژمنانی کورد چاوی تەماحی لەکەرکوك بریوە، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەمرۆ ململانیٚ وەلا بخات لەجیاتی ئەوەی پناگەی کورد فرۆش و بەعسیەکان بدەن داوا بکرێت دادگای بکرێن، کە بەداخەوە هەر بەعسیەکانن کاغەزی پشتگیری لەدەزگاکانی ئیداری وحزبی کەرکوك دەهێنن پۆز لێئەدەن بەسەر ئەو خەلکە شەرمەزارەی ئاوارەی کەرکوك کەسالاٌنیکە بەدەستی ئەوان دەرکراون، کارەساتە دەسەلاتی کوردی رێز لە بەعسی سەرۆك خێلە خۆ فرۆشەکان بگریٚ. ناچارین داوا لە هەردوو زلحزبی دەسەلاتدار بکەین ئەوەی لەرابردوو قبول کراوە ئەمرۆ لەشاری کەرکوك قبول ناکریٚ دەبیٚ چۆك بۆ خواستی رەوای گەلی کورد بدەن.

k_mlaprwez@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org

کوردستان نێت